# پڕۆژەیەک بی دایەلۆگ

## تەهائەمین هەڵەدنی

هەروەک فیزیکەیەکان ئەڵێن بۆ هەموو کارێک، کاردانەوە هەیە. جا ئەوکارە ئەگەر سروشتی بێ یا گیانداری قسەکەر و قسەنەکەریشوە بێ.کەواتە کاردانەوە لە هەموو بوارەکانی جێگەی هەیە، ئیتر ئەگەر کارەکە با پارچە تێکستێکیش بێ. لە کارەساتە دڵتەزێنەکەی تسۆنامیدا کە لە کۆتایی دوارۆژەکانی ساڵی ڕابردودا ڕویدا، کە بوە هۆی گیان لەدەستدانی زیاتر لە 300000 کەس، هێشتا هەبوون کە پەڕجویان(معجزە) لەو کارەساتەدا بەدی دەکرد. چونکە مزگەتێک لە ناوەڕاستی کارەساتەکەدا نەڕوخا لەبەر ئەوەی بناغەکەی پتەو بوو. بەڵام ئیسلامەکان بە پاڵپشتی خوایان بینی. بەڵام بیریان لەوە نەکردەوە کە بۆ لای خوا 300000گیانی مرۆڤ گرنگتربێ لە مزگەوتێک!

باوەڕوایە کە ئەگەر جوارترین شیعریش بنووسرێ،هێشاتا دژبەری دەبێ.

مارتن لۆتەر دژایەتی بایبلی نەکرد .بەڵکوو ئەو ووتی کە پاپاکان درۆ دەکەن. ئەو پەلاماری خواکانی سەرزەویداو خوای ئاسمانی بە پیرۆزی هێڵایەوە. لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکدا. ئینجاش خەریک بوو بیسوتێنن، بەڵام خەڵک شتێکی وای بۆ نەکرد. چونکە تیریئاساکانی ژیان بەدەست پاپاکانەوە بوو. بەڵام ئەگەر لۆتەر دژی خوای ئاسمان بدوایەو هەڕەشەی لە دەسەڵاتی پاپاکان نەکردایە، دڵنیا دەبووین کە ئەویان تووشی چەرمەسەرە نەدەکرد. چونکە لۆتەر خۆی یەکێک بوو لە قەشە گەورەکان.

ڕێکەوتوو لە گەڵ ناسیاودا باسی پارچە شیعرێکمان کردبێ، یەکێک وتویە: خۆزگە دەمتوانی دەستی نووسەرەکەی بە تەورر هەلا هەلا بکەم. بەڵام یەکێکیکە ووتویە: خۆزگە دەمتوانی پەنجەی نوسەرەکەیم دەکردە نووشتەیەک و لەژێر سەرمدا دامدەنا،تا گرێی دەرونمی بێ بکەمەوە.

دڵنیاین کە چەرخ چەرخی گفتووگۆیە. قۆناغی شەڕە کوتەک ئەگەر بنبڕیش نەکرابێ،لای زۆربەی خەڵک کاریگەری نەماوەو هەوڵەکانیشیان شەڕکردنە لەگەڵ ئاسمان. ئێستا دەنگەکان بەرز بوونەتەوە، ئەو دەنگانەی دەمێکە خەڵک چاوەڕوانیەتی. ئەو دەنگەی دەمێکە ئەڵێ دێمو نایەم، مژدە بێ واهات. دەنگی خەڵک، دەنگێکە ئەگەر خۆریش وەشاردرێ تازە تاریکی دڕی پێ نابا.

جا بۆئەوەی ئێمەی کوردیش گوێبیستی ئەو دەنگە بین با بوێرین بەشداری پرۆژەی دایەلۆگ بکەین. با لە ئەورپییەکانەوە وانەیەک وەربگرین کە پەژراندنی بەرانبەرەکەمانە. هەرچی بگووترێ،هەرچۆن بیربکرێتەوە. ئاخر ئەو گوێگرتنەبوو، کە وڵاتێکی هەژاری، نەداری، سەهۆڵبەنانی وەک سوید لە هەژارترین ووڵاتەوە گەیاندە یەکێک لە پێشکەوتوورین، دەڵەمەندترین وبەختەوەرترین ووڵاتی جیهان. لە هەموشی گرنگتر، پاکسازی لە گفتووگۆدا بکردرێت. بە گیانێکی شارستانیانەوە بەشداری گفتووگۆ ببین، پشت لە کوتەک و ناوناتۆرە. کاتێک کە باس لە تێکستێک دەکەین، کارمان بە نووسەرەکەیەوە نەبێ. بۆیە هەموو پارچە تێکستێک پلەی توورەبونمان بەرز دەکاتەوە، کە دژ بە بیرکردنەوەی بەرانبەر بێ، کە شێوەیەکیتر بیر دەکاتەوە. گرنگە لە کاتی دربڕینی دژەباوەڕدا لە خولگەی بابەتەکەدا بمێنینەوە.
بۆیە هەوڵ دەدەین کە هەر جارەی دەرگایەکی دایەلۆگ ئاوەڵا بکەین، زۆر گرنگ نیە کە وەڵامدانەوەی نەبێت، شیاوترە کە هەیبێ. چونکە کە بۆ خوێنەر دەنووسی، با خوێنەر داد وەربێت. با خوێنەر خۆی بڕیار بدا کە کێ خاوەن بیرۆکەی ڕوداوبینانەیە.
لەسەرەتای 80کانەوە کۆمەڵەدەنگێک بەرزبۆتەوە،ڕەنگە پێشتریش هەمان دنگ بوونی هەبووبێ بوبێ. کە گازەندەکا بە بەڵگەوە کە قورئان مرۆڤ نووسیویەتەوەو هیچ پەیوەندیەکی بە ئاسمانەوە نیە. ئەو دەنگانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چڕتر خۆیان ڕادەگەیەنن. ئەمانە ئەڵێن لە 70کاندا سەرجەم گەللی کورد باوەڕی تەواویان بە ئاسمانی بوونی قورئان هەبوو، دڵنیاین کە تاکووتەراش پێچەوانە بیریان کردبێتەوەو قورئانیان بە زادەی بیابان ناوزەد کردوە. هەر ئەم کۆمەڵە ئەڵێن کە لە 90کاندا 5 پلەیتر بە پەیژەی باڵای ئەتایستیدا سەرکەوتوون. ئەم گروپە لە درێژەی قسەکانیاندا ئەڵێن کە لە 2000 بەداوەوە لە دەرگای ترۆپکی ئاواتیان دەدەن. ئەڵێن چونکە گەللی کورد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وشیارتر دەبێ، بەڵام بۆیە 70کان بەرزترین ڕێژەی خەڵکی کورد باوەڕی بە ئاسمانی بوونی قورئان هەبوو. چونکە خەڵک نەخوێندەوار بوو.

ئێستا دەنگی ئێمە هێندەی نەماوە کە ببێ بە دەنگی خەڵک، ئێستا دەنگەکانیان لەناو چینە ڕۆشنبیرەکەداو نەوەی نوێ، لەناو ئەو ژینگەدا مەزن دەبێ کە ئەمان مەبەستیانە.

ئێستا ئەتایستەکان خۆیان بە تەنیا سواری گۆڕەپانی دایەلۆگ دەزانن.

ئەوانە ئەڵێن ئیسلامیەکان ناتوانن وەڵامان بدەنەوە، ئیسلامیەکان وەک هەمیشە کە لەشوێنێکدا گیریان کرد، ئەوکات پەنا بۆ بەڵگەی نامۆ دەبەن، کە بەڵگەکانیان بەرجەستەیی نیە، جگە لەوەش زانستی و شارستانیانە نیە.

ئەم گروپانە ئەڵێن: قورئان لە زمانی خواوە سسزای دەست بڕینی دزی داوە ، :سورەی المائیدە والسَّارقُ والسَّارقةُ فاقطعوا أَيْدِيَهُما جزاءً بما كسبا نَكالاً من الله والله عزيزٌ حكيمٌ(38)

ئەتایستەکان ئەڵێن ئەو سورەی سەرەوە باس لە ژینگەیەک دەکا،کە عەرەبەکان تاڵانکردنی یەکتریان تابوو کردوە،بەڵام کەچی هەمان قورئان لە سورەی ئەنفالی69 دا ئەڵێ: بیخۆن نۆشی گیانتان بێ دەست کەوتەکان. فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلاَلاً طَيِّبًا وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ.

لێرەدا دەبینین کە قورئان، دزی یاسایی کردوە، بەڵام مەبەستی ئیسلام سامانی عەرەباەکان نیە. بەڵکوو یاسایی کردنی دزی بۆ غەیرە عەرەبەکانە،واتە تالان کردنی نەتەوەکانترڕەوایە.ئەگیان دزی هەر دزیە، کەواتە: خوایەک ئافەرێنەری هەموو ڕەگەزەکان بێ، بۆ تاڵانی کردنی کوردی حەڵاڵ کردوە بۆ عەرەب. کەواتە ئەمە ووتەی خوا نیە. چونکە خوا دادوەترین تەنە.

ئەمانە ئەڵێن: ئەگەر مرۆڤ پێویستی نەبێ دزی ناکات. دزی کردن پێویستیەکە بۆ مرۆڤ کە دزی بکا. چونکە پێویستی پێیەتی و بەشێوەی ئاسایی بۆی بەدەست نایە، ئەگینا مرۆڤ بۆ دزی بکا؟ ئەوانە لە درێژەی بۆچونەکانیاندا ئەڵێن: کوا دەستبڕێن چارەی کێشەکانی کۆمەڵگای کردوە؟!

مەگەر لەو ڕۆژەوە دەستبڕین کرایە دادای مرۆڤ، دزی کۆتایی هات؟

ئەی چۆنە خواکەی عەرەبەکان پەی بەبیرێکی باشتر نەبردوە کە چارەیەکی ڕیشەیی دزێتیبێ. بۆیە خوای عەرەبەکان ئەو بڕیارەی دەرهێنا تا کۆتایی بە دزی بێ. کەچی نەک هەر دەست بڕین کۆتایی نەهێنا بەدزی بەڵکوو دزی بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگاکانی گرتۆتەوە. بەڵام ئەم ڕەوتارە جیاوازی هەیە لە کۆمەڵگایەکەیوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر،چونکە

کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان هەندێ داخوازی خەڵکیان بەجێهێناوە بۆیە ڕێژەی دزیکردن بەرجەستەییترت هەستی پێدەکرێت.

نەوەی نوێ ئەڵێ کە قورئان ڕەوایی داوە بە سۆزانی (سێکسفرۆشی) چونکە ئەڵێن کە دەقی قورئانی سورەی ژنی ژمارە 24 ئەڵێ:بۆتان هەیەسێکس بکرن، بەڵام بە مەرجی کرێی بدرێت بە ئافرەتەکە، واتە بۆ خۆشی نەبێت، بۆپێویستی بێ. ئەبێ ئافرەتەکە پارەوەربگرێت. ئەگەر پارە وەرنەگیردرێت، ئەوکاتە دەچێتە قاڵبی زیناوە. واتە دەبێتە کارێکی نادینی نایاسایی ئەوکاتەش دەبێ هەردو سسزا بدرێت بە بە لێدان بە 80 لێدانی شوڵ یا چەرم. ئەوش بە زەقی لە سورەی نوری ژمارە 2 بەدی دەکردرێ. ئەتایستەکان بەڵگەیان هەیە کە سورەی ژنی ژمارە 24 ڕەوایی داوە بە سۆزایەت، جگەلەوەی کە بە فاکتای قورئان بورهانی بانگەوازەکەیان دەکەن، نمونەی مەلاکانی سەربە ڕێبازی عەلیزم (شیعە)دەهێننەوەو ئەوانیش بە باشترین جێبەجێکاری دەقەقورئانیەکان دەزانن.ئەوانەی کە قورئان ناپەرژێنن ئەڵێن: کە محەمەدی کوڕی عەبدوڵا کارێکی سەرسوڕهێنەری نەکردوە،چونکە سۆزانی پیشەی عەرەبە دەشتەکیەکان بوە.محەمەد نەشی توانیوە ئەو ڕەوشتە بە عەرەب تەرک بکا،چونکە سەرچاوەی بژێوی ژینەگەی بیابان بوە. ئەوی ڕاستی بێ گازەندی ئەمانە هاودەنگی مێژوە، مێژوش ئەڵێ کە عەرەبە دەشەتەکیەکان، کاتێک قەرزار بون و نەیان تونیبا کە قەرزەکایان بدەنەوە، ئەوکات کچی خۆیان یا ژنی خۆیان داوە بە خاوەن قەرز بۆ ماوەیەکی دیاری کاراو، بەو شێوەش قەرزەکەیان لەکوڵ بۆتەوە.

ژن 24فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا

نور2

الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ

تا ئێرە بۆ بەشی یەکەم ، ئومێد دەکەین کە بەردەوام گوێبیستی ئەم دەنگە نوێیانە بین، هەروەها خودی ئیسلامەکانیش کە ئایا چی ئەڵێن و چۆن ئەوان دژی ئەم بۆ چونانە دەوەستن.